مافناس – حەسەن ئەیوبزادە

## بەشی ١٩

### پێداچوونەوەیەک  بە پێداچوونەوەکەی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە بە وەرگێردرای کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان

**تێبینیی : لەبەرگرنگیی بڵاو کردنەوەی پەیامی تالەبانیی بۆ وتووێژی خولی یەکەمی" وتووێژی د.قاسملوو و تیرۆریستەکانی رفسنجانی" بەر لە بڵاوکردنەوەی درێژەی پێداچوونەکەی مەلا عەبدوللاو هەزاران تەزویرەکەی، ئەو بەشەی خوارەوە کە پێوەندیی بە سەرجەمی بابەتەکەوە هەیە بخوێنەوە!**




### بڵاو کردنەوەی  پەیامی تۆمارکراوی تالەبانیی  بۆ دەسپێکی وتووێژی د.قاسملوو و  تیرۆریستەکانی رفسنجانی

#### سەرنج و کۆمەڵێک پرسیار

دوای ٢٦ ساڵ  و پێنج مانگ و بیست و پێنج رۆژ، پەیامی جەلال تالەبانیی، سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کە پلانداڕێژ, پێشنیاردەر، رێکخەر و نێوبژیوانی وتوێژی نێوان حدکا بە سەرۆکایەتیی د.قاسملوو و نوێنەرانی علی اکبر هاشمی رفسنجانی  بە ناوەکانی: محمد جعفری صحرارودی و " اجوادی" ( حاج مصطفی مصطفوی)   بووە  لە لایەن "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە" لە فێیس بووکدا بە بێ رونکردنەوەی پێشینەی کار،  رێکەوتی کۆبوونەوەکان ، دیاریکردنی ناوی پێشنیاردەری وتوێژ، مەرجەکانی وتووێژ، ویست و داخوازی ئەو دوو لایەنە لە  وتوێژەکەدا ، کێ لەبەردا داوای وتووێژی کردبوو، کێ راسپاردەکانی راگەیاندبوو... پێشنیارەکان  رەسمیی بوون و بە نووسراوە  یان خێلەکیی و نەنووسراو بوون؟ نەنووسراوە کە  کە  لە ئارشیوی حدکا یان لە رۆژنامەی "کوردستان" دا باسێک لەسەر ئەو بابەتانە نووسراون  یاننا؟ دەفتەری سیاسیی  چۆن لەسەر ئەوبابەتە ئاگادار بووە؟ دەسپێکی وتووێژ چۆن بووە و چ کەسانێک لەیەکەم دەوری وتوێژ دا بەشداربوون؟ دەوری فازل رەسوڵ, ئەحمەد بنبێلا و تالەبانیی و سەرکردایەتیی ینک  لەو روداوەدا چی بووە؟  بەڵگەنامەکانی حدکا لەمەر ئەو روداوە  چ زانیارییەکیان تێدا راگیراوە؟  زۆر   پرسیاری دیکە کە ناوەرۆکی پەیامەکەی تاڵەبانیی دەیان وروژێنێ و لەلایەن هیچکام لە بەرپرسەکانی حدکاوە باسیان نەکراوە  لەو پەیامەدا دەبیسین.

تالەبانیی لەدەسپێکی ئەو وتوێژەدا ئەو پەیامەی بە زمانی فارسیی پێشکەش بە حازران کردووە. حدکا ئاشکرای نەکردووە چ کەسانێک لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوون و پێشینەی ئەو روداوەشی لە حدکادا باس نەکردووە.  بەرپرسانی حدکا وەرگێڕێکیان نەبووە کە ئەو پەیامە گرنگە بکا بە کوردیی و شرۆڤەیەکی لەسەر بڵاو بکاتەوە. ئەو بەڵگەیە  سەرەتا لە ژێر دەستی مەلا عەبدوللادابووە و دواتر مصطفی هجری و تیمەکەی بوون بە خاوەنی. حدکا بە چ مەبەستێ ئەو بابەتەی ئاشکراکردووە و بۆچی ئەوکارەی کردووە باسی نەکردووە. حدکا دەبوو لەگەل بڵاوکردنەوەکەی, زانیاریی بەرپرسانی  پێوە بلکێنیی و لەسایتێکی رەسمیی حیزبدا بیخاتە بەر چاو. لانی کەم دوای ئەو هەموو سالە دەبوو هەوڵ بدا زانیارییەکی دروست و دوور لە تەزویر و چەواشەکاریی مەلایانە  لەسەر ئەو  بابەتە بڵاو بکاتەوە و رابگەیەنێ  کە : بۆچی  لەو ماوە دورو درێژەدا ئەو پەیامەی تالەبانییو دەقی وتەکانی د.قاسملوو ی  لە خەلکی کورد، ئەندامانی حدکا  ودادوەرانی لێکۆلینەوە شاردووەتەوە و چۆن بووە کە دوای تیرۆری د.شەرەفکەندی پەروەندەی تیرۆرەکەی د.قاسملوو  بەستراوە... بەک مەسەلەش دەبێ وەلام بدرێتەوە ئەویش  هەڵوێستی مصطفی هجرییە  کە دوای تیرۆری د.شەرەفکەندیی کراوە بە سکرتێری حدکا و دواتر ئەوو مەلا عەبدوللا چ ئاڵو گۆرێکیان بەسەرداهاتووە کە هیچکام  باسیکیان لەسەر  پێشینەی ئەو روداوە  و  ناوەرۆکی پەیامەکە  نەکردووە؟

مەسەلەی باس نەکردنی مەلا عەبدوللا لەو هەموو کوشتارەی کە لە لایەن زانیاریی ینک  و تیرۆریستەکانی سەر بە  ئیتیلاعاتی  سپای پاسدارانەوە دژی حدکا کراوە روونە.  ناوبراو بە گوێرەی تەزویرەکانی خۆی لە پێداچوونەوەکەیدا بە وەرگێردراوی کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد کوێخای  ناو قژڵەکەی تالەبانیی، هاوکار  و هاودەستی  صحرارودیی و عەلی فلاحیان  و تەواوە لە ویلایەتی خومەینیی بووە. مەلا عەبدوللا تاوانباری سەرەکیی بۆ رادانی حدکا بۆژێر دەسەڵاتی

**تاڵەبانیی، ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بۆ تیرۆری د.قاسملوو و شەرەفکەندیی و سەدان ئەندامی حدکا لە باشورو رۆژهەڵاتی کوردستان بووە کە ژمارەی کوژراوو بریندار و بێسەروشوێن کراو تەسلیم کراو وبەرژیم و ئاوارەکراو لە هەزاران تێپەڕیوە.**

**ئێمە لە بەشەکانی دادێدا بە وردیی شرۆڤەی ئەو پەیامەی سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی دەخەینە بەرچاوی خوێنەر و رێکەوتی ئەو سەردەمەش کە مەلا عەبدوللا بووە بە راوێژکار و بەرێوەبەری ویست و داخوازەکانی تاڵەبانیی، سەرانی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و وەزیری ئیتتیلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران( حجت الاسلام علی فلاحیان) بە پێێ بەڵگەنامەکان دەخەینە بەرچاوی خوێنەر. بروانە ئەو ئامۆژگارییەی مەلا عەبدوللا بۆ کۆماری ئیسلامیی و جینایەتکارەکانی لەو پەیامەیدا[1]. پێشتریش ئاماژە بەو پەیامەی مەلا عەبدوللا کراکە ناوبراو داوای کردبوو کە کۆماری ئیسلامیی سزای ئێعدام بۆ لە ناوبردنی دژبەرەکانی خۆی وەلانەنێ. ئەو پێشنیارو داوایە لە کاتێکدا لەلایەن مەلا عەبدوللاوە بە جینایەتکارانی حاکم بەسەر ئێران داواکرابوو کە دەیان کەس لە لایەنگرانی حیزبە پەڕپوتە کەی لە زیندانەکانی رژیمدا چاوەروانی بەرێوەبردنی حوکمی ئێعدامەکانیان بوون.**

## مصطفی هجری و بڵاوکردنەوەی پەیامی تاڵەبانیی بۆ دەسپێکی وتووێژی د.قاسملوو و نوێنەرانی رفسنجانیی لە ٢٨دیسامبری ١٩٨٨

**هەڵوێستی مصطفی هجری لە " کتێبەکەیدا بە ناوی" نسکۆو دابڕان" کە لەسەر روداوەکانی حدکا، وتووێژەکانی د.قاسملوو و تیرۆریستەکانی رفسنجانیی حیکایەت لە بێ ئاگاداریی ناوبراو دەکا. وتووێژی د.قاسملووو ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بە ئیبتیکارو پێشنیاری تاڵەبانیی بووە.**

**رادانی حدکا بە نەخشە رێگای تاڵەبانیی دوای تیرۆری د.شەرەفکەندیی و بە پیلانی مەلا عەبدوللا و گوشاری صحرارودی لە قەندیلەوە بۆ کوشتارگەی هەرمۆتە بووە. مصطفی هجری لە کردنی حدکا بە پەنابەری ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران هیچ کاردانەوەیەکی نەبووە و متەقی لێوە نەهاتووە. ناوبراو لەو رێکەوتەدا لە پاریس بووە .**

**بەپێچەوانەی مصطفی هجری، مەلا عەبدوللا لە پێداچوونەوەکەی بە وەرگێردراوی کتێبەکەی کارۆل پرۆن هۆبێردا بە هەزاران جەعل و تەزویری بۆ گۆڕینی واقعییەت و پاکانەکردن بۆ تیرۆریستەکانی قاتڵی د.قاسملوو و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و هاوکارەکوردەکانی کردووە. هاوکارییەکانی مەلا عەبدوللا لەگەڵ زانیاریی ینک و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران جۆراوجۆرو بەربڵاو بووە. توڵانەوە و توانەوەی مەلا عەبدوللا لە ناو ینک و دەزگای زانیاریی و ئیتتیلاعاتی سپایپاسداران لە خولقاندنی زەمینەی کارەساتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا دەوری تایبەتیی هەبووە.**

**هاوکاریی ئیتتیلاعاتیی عەبدوللا حەسەنزادە لە جینایەتەکانی دژ بە رێبەرانی حدکاو بزوتنەوەی کورد لە باشور ورۆژهەڵاتی کوردستان خوازیارانە بووە. مە بەستەکانی حەسەنزادە بۆ ئەو هاوکارییە بەربڵاوە لەگەل تاڵەبانیی و رژیم ، پاراستنی خۆی لە تیرۆر، دەسەلاتخوازیی، دەستداگرتن بەسەر سامانی حدکا و توانەوە لە ویلایەتی فەقیهی خومەینیی و ماکیاویلیسمێک بووە کە د.قاسملوو لە کورتە مێژووی رێبەرایەتیی حدکادا بە وردیی باسی کردووە. ناوەرۆکی ئەو پەیامەی کە تاڵەبانیی لە کۆبوونەوە لەگەل د.قاسملوو و نوێنەرانی رفسنجانی لە یەکەم رۆژی وتویژدا باسی کردووە، مەلا عەبدوللای حەیاکیی بەرەو ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و توانەوە لە زانیاریی ینک و جەلال تاڵەبانیی بردووە.**

**وتەکانی علی فلاحیان لەمەر هاوکاریی کردنی بەشێک لە رێبەرایەتیی حدکا لەگەڵ ئیتتیلاعات ( گوتاری تەلەڤیزیۆنی ٣٠ ئاگوستی ١٩٩٢ چەندرۆژێک بەر لە تیرۆری د.شەرەفکەندیی لە تاران) بەڵگەیەکی سەرنجراکێش بۆ دادوەرانی میکونوس و پارێزەرانی بنەماڵەی تیرۆر کراوان بووە. تیرۆری ئەندامانی حدکا لە باشوری کوردستان لەو روانگەیەوە لە کارەساتەکانی ئەنفال و هەلەبجە و سەردەشت جیا نین.**

**دانپێدانانەکانی مەلا عەبدوللا بە جەعل و تەزویرەکانی، پێوەندیی بە ناوەرۆکی ئەو پەیامەی تاڵەبانییەوە بووە کە لە دەسپێکی وتووێژەکە و بەڵگەنامەکانی دیکەدا دەبیندرێن و لە رۆژنامەکانی کوردستان و کتێب و وتارەسیاسییەکانی تاڵەبانیی و نەوشیروان مصطفی ئەمیندا بڵاو کراونەوە.**

**لەهەل و مەرجێکی لەباردا دەبێ پەروەندەی جینایەتی تیرۆری د.قاسملوو لە دەرەوەی وڵات و تیرۆری سەدان تیرۆرکراوی حدکا لە باشوری کوردستان وێکرا بخرێنەوە بەر دەستی دادوەرانی لێکۆلینەوە و مەلا عەبدوللا یەکەمین کەسە کە بەو تاوانانەی کە تا ئەم کاتە باسیان کراوە بخرێتە ژێر لێکۆلینەوە.**


## درێژەی بەشی ١٩ ی پێداچوونەوە یەک بە پیداچوونەوەکەی مەلاعەبدوللا حەییاکیی ( حەسەنزادە)

**لاپەرەی ٣١٥ تا ٣٤٩ کتێبەکەی کارۆل پرون هوبێر**

1 https://werash.wordpress.com/2010/02/03/6/

ئـەو سـی و چـوار لاپەرەیـەی سـەرچاوەی زانیارییـەکان کـە لێـرەدا باسـیان دەکـەین ٣٣٢ سـەرچاوەی کتێبەوەرگێردراوەکـەی کـارۆل پـرۆن هـۆبێر لـە خـۆدەگرێ. ئەوانـە لێکۆلینـەوەکانی نووسـەری کتێبەکـە، سـەرچاوە ی بابەتـەکان، وتـەی شـایەد، ئاگـادار، بەڵگـەی دام و دەزگاکـانی دەوڵـەتی ئـوتریش وەکـو: نـەزەری پزیشـکیی قـانوونیی و راپـۆرتی تاقیگـەکان، راپـۆرتی خیبـرە، کارنـاس،د ادوەران لـە شـوێنی جینایەتەکـە، ژمـارەی گوللـەی بـەکارهێنراو لـە شـوێنی تەقـەکردنـی تێرۆریسـتەکان بـۆ تێـرۆری تێرۆرکـراوان، نـەزەری پسـپۆری دەنـگ، نـەزەری کارناسـی چـەک و تیرهـاوێژیی، بـە کـورتیی بەڵگـەی ئـەو هـەموو زانیارییـە کـە لەوکتێبـەدا کۆکراونـەوە ولەلایەن مەلا عەبدوللا حەسەنزادەوە سانسۆر کراون.

بـەکارهێنانی وشـەی تـەزویر بـۆ ئـەو کـارەی کـە مـەلا عەبـدوللا حەسـەنزادە لـە پێداچوونـەوە بـە وەرگێڕدراوەکـەی کتێبـی خولیـاو مـەرگی قاسـملووی‌کورددا کردوویـە، تـەنیا لـە روانگـەی قانوونیی‌یـەوە بـووە کـە لێکۆلـەر ناچـاربووە بـەو وشـەیە پێناسـەی بکـا، بـەلام لـە عالـەمی واقیـعدا ئـەوەی ئـەو پسـپۆرە لەتـەزویردا کردوویـە، دەبـێ بـە ئـەنفالی وشـە، خەیانـەت بـە ئەمانـەت، پێکهێنـانی زەمینـەی پێویسـت بـۆ بـۆ تێـرۆر و خولقانـدنی کارەسـاتەکان، ژێرپـێ خسـتنی کەرامـەتی ئینسـانیی، زینـدە بـەچاڵکردنی هـەزران ئـاواتی وەدینـەهاتووی خـەلکی بـەلـەنگازی کـورد پێناسـەبکرێ. ئـەوەش بەشـێکە لـە تـاوانی تونـاکردن و زینـدوو بـەچاڵ کردنـی هـەزاران ئـەنفالکراو لـە بیابانـەکانی عێـراق، سـارای عەرەبسـتان و ئاشـبەتاڵ و تونـا کردنـی بزووتنـەوەی دەسـاڵی کـورد لـە رۆژهـەلاتی کوردستان...


352 The Passion and Death of Rahman the Kurd

Some of the Iranian and Kurdish interviewees close to Ghassemlou asked not to be named for security reasons. In some cases they are quoted with pseudonyms: Fatah, Mustapha, Azad, Charlotte, Maria Theresia, Hildegaard, Q. M., and Mr. M. Others have simply not been mentioned.


**Interviews by Gabriel Fernández**
Hélène Krülich-Ghassemlou (Vienna, 1991)
Peter Pilz (Vienna, 1991)
Susanne Rockenschaub-Rasul (Vienna, 1991)
Nasser Pakdaman (Vienna, 1991)
Oswald Kessler (Vienna, 1990)
Manfred Weidinger (Vienna, 1991)
Merad, Azad, and other KDPI members (Vienna, 1990–1991)

پاکانـەکردنی مـەلا عەبـدوللا بـۆ جینایەتـەکانی صـحرارودی، علـی فلاحیـان، احمـدی نـژاد، رفسـنجانی ، محسـن رضـائی و ذوالقدرلـە بـەو شـێوەیە کـە مـەلا عەبـدوللا پێناسـەی کـردوون لـە چواچێـوەی تـەزویردا جـێ نـاگرن، بـەڵکو شەریکە تاوانیی‌یە لە جینایەتەکاندا.

ئامـاری تێرۆرکـراوان بـە ئەنقەسـت و دور لـە واقعییـەت و بـۆ چاوبەسـتن بڵاوکراونـەوە. شـێوەی کـاری مـەلا عەبـدوللاو تیمەکـەی چەشـنی "باندەکـەی "هیواتـاب" و عبـاس شـهریاریی بـووە. کـەس ئامـاری گشـتیی و راسـتەقینەی تێرۆرکـراوان کـە بـە هاوکـاریی مـەلا عەبـدوللا لـە نـاوچوون نـازانێ. تـەنیا ئەوبەشـە خوویایـە کـە لەلایـەن جـەلیل گـادانیی و مصـطفی هیجرییـیەوە راگەیەنـدراون. هجـری ژمـارەی تێرۆرکراوەکـان لـە ٣٠٠ کـەسدا کـورت دەکاتـەوە. مـەلا عەبـدوللا لـە تێکـەڵ پێکەلـە تەزویرکراوەکەیـدا ١١٠ تـا ١١٥کـەس ناودەبـا. لـە لاپـەرەی ٥٤٧ بڕوانـە پرسـیارووەلامە بـێ سـەرچاوە کەی خۆی لە خۆی بخوێنەوە!

مـەلا عەبـدوللا لـەو ٣٣٢سـەرچاوە سانسـۆر کـراوە ژمارەیـەکـی هنـدکی بـە تـەزویرکراویی بـۆ پـەراوێزی کتێبەکـە راگواسـتووە بـێ ئەوەی ئاماژەی بە ژمارەی سەرچاوەکە لە ئاخری کتێبەکە کردبێ.

ناوبراو لێرەشدا بە سانسۆر، گۆرین و خەوشدارکردن و تێترینجاندنی بابەتی‌دیکە لە دەقەکوردیی‌یەکە رازیی نەبووە ئیبتیکاری دیکەشی بۆ تەزویر و توناکردنی واقعییەت دۆزیونەوە.


The Passion and Death of Rahman the Kurd
✦
Dreaming Kurdistan

Carol Prunhuber



ئەوبەشانەش کە لەخوارەوە وێنەکانیان دەخرێنە بەرچاو لەلایەن ئیدیتۆرەوە ( مەلا عەبدوللا)سانسۆر کراون. لە پێوەندیی بە تێرۆری د.قاسملووەوە بڕوانە ئەو دوو لینکەی خوارەوە

http://birinwe.com/news.php?readmore=64

http://www.helwist.com/Nuseran/Mamosta%20Goran/2009/28%207%20%2009%20Ash,betal%203.htm

Carol Prunhuber 355

*Actualités du Kurdistan*. Paris.
*Bulletin de l'Aide Médicale Internationale*.
*Bulletin de liaison et d'information*. Institut Kurde de Paris, 1984–1989.
*Constitución de la República Islámica de Irán*. Resalta. Madrid, ND.
*No Safe Haven: Iran's Global Assassination Campaign*. Iran Human Right Documentation Center (IHRDC). New Haven, CT, May 2008.
*Political Scandals and Causes Célèbres since 1945*. Longman Group UK Limited. Essex, United Kingdom, 1990.
*Quelle Turquie pour quelle Europe?* Dossier published by the Comité international pour la libération des députés Kurdes emprisonnés en Turquie with the collaboration of the Kurdish-Institute of Paris and the Fondation France-Libertés. Paris, December 1995.
*Report of the Iranian Association of Political Prisoners*.
*Revolution and Development in Iraq*. Ministry of Culture and Information of Iraq. Baghdad, ND.
*Revolutionary Islam and the Islamic Revolution*. Ministry of Islamic Guidance. Tehran, ND.

**Periodicals in References**
*Austrian Times*, Vienna; *Dialogo Nord-Sud* magazine, Rome; *Keesing's Contemporary Archives*, London; *Libération*, *Le Monde*, *Le Figaro*,

356 The Passion and Death of Rahman the Kurd

Akbar Hashemi Rafsanjani at http://www.globalsecurity.org/military/world/iran/rafsanjani.htm
http://www.cnn.com/WORLD/9704/10/germany.iran/
Ayatollah Kazem Shariatmadari at http://www.rferl.org/content/Intolerance_Is_Integral_To_The_Iranian_System/1502424.html
Ayatollah Ali Khamenei at http://www.leader.ir/langs/en/
Ayatollah Khomeini at http://www.time.com/time/magazine/article/0,9171,923854,00.html
Ayatollah Montazeri at

## کۆتایی هێنان بە لێکۆڵینەوە ی سەرچاوەکان لە کتێبی خولیاو مەرگی ڕەحمانی کورد خولیای کوردستان

لەم بەشەدا توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی سەرچاوەکانی کتێبەکەی کارۆل پرۆن هۆبێر کە لە لاپەرەی ٣١٥ وە تاکۆتایی کتێبەکە واتە لاپەڕەی ٣٥٧ لەخۆ دەگرێ رادەگرین. هۆیەکەی ئەوەیە کە لە دەقە کوردییە تەزویرکراوەکەی مەلا عەبدوللادا ئەو ٣٣٢ سەرچاوە یە بنەبڕ سانسۆر کراون و دەقێک لەبەردەست دانی‌یە تا لە هەمبەریان دابندرێن.

ئێمە بۆ پشکنینی ڕواداوەکان لە بەڵگەنامەکانی دیکە ( نووسراوەکانی سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی، نەوشیروان مصطفی ئەمین، ئەندامانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی، بە تایبەتیی شەوکەتی حاجی موشیر، بیرەوەرییەکانی علی اکبررفسنجانی، محسن رضائی..بڵاوکی "کوردستان" ( ئۆرگانی رەسمیی حدکا) شارپریس ، راپۆرتی شاهیدەکانی سەمبارانی هەڵەبجە سەردەشت، راپۆرتەکانی سپای پاسداران لە بەرەکانی شەر و بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤ، لێکۆلینەوەکانی دادوەران و پۆلیسی دادوەریی ئالمان و ئوتریش، نووسراوەکانی نووسەران و رۆژنامەنووسانی جیهانیی بۆ رادەی تێوەگلاویی کورد و مەلا عەبدوللاو تیمەکەی لەو جینایەتە سامناکەی کە بەسەرکورد هێنراوە دەکۆلینەوە.

سەلماندنی ئەو واقعییەتانە کە تێرۆری رێبەرانی حدکا لە دەرەوەی ولات کاری سەرانی کۆماری ئیسلامیی ( کومیتەی امور ویژه)، ئیتتیلاعاتی سپاو وەزارەتی اطلاعات بووە و سەرانی رێژیمیش دانیان بەو جینایەتانەداناوە ئاشکرایە، بەلام دەزگای دادوەریی ودادوەرەکانی ئوتریش لە پێوەندیی بە کەسانێک کە یارمەتیدەری تێرۆریستەکان و هاودەستانیان بوون بەوردیی لێکۆلینەوەیان نەکردووە. وتەی علی فلاحیان، وەزیری ئیتتیلاعات ئەوەی کە بە ئاشکرا لە بەرنامەی تەلەڤیزۆنیی ٣٠ ئاگوستی ١٩٩٢ دا باسی کردووە، جێگەی مشتومڕ نییە. حوکمی دادگەی میکونوس و

**Periodicals in References**
*Austrian Times*, Vienna; *Dialogo Nord-Sud* magazine, Rome; *Keesing's Contemporary Archives*, London; *Libération*, *Le Monde*, *Le Figaro*, *L'Express*, Paris; *Le Bien Public*, Dijon; *The Times*, *The Independent*, *The Economist*, London; *El País*, Madrid; *Time*, *Newsweek*, *New York Times*, *Washington Post*, *Washington Times*, United States; *Profil*, Vienna; *La Razón Digital*; Agence France Presse, Associated Press, Reuter; Fernando Mas, *La revolución iraní*, in *Historia universal del siglo XX*, Historia 16; Encyclopedia Britannica.

**Electronic Sources**
Abolhassan Bani Sadr at http://www.answers.com/Abolhasan%20Bani%20Sadr
http://www.globalsecurity.org/military/world/iran/sadr.htm
Ahmed Ben Bella at http://weekly.ahram.org.eg/2001/533/profile.htm

دانپێدانانی فلاحیان، محسن رضائی و رفسنجانی به کردنی ئەو تێرۆرانه خویایه. له لایەن پۆلیسی دادوەریی ئوتریش و دادوەرانی لێکۆلینەوه له دەوری کوردوکەسانی سەر به رژیمی ئێران له جینایەتی تێرۆری د.قاسملوو دا لێکۆڵینەوەیەک نەکراوه. کەمو کوڕیی کاری دادوەرانی لێکۆلینەوه، پۆلیسی دادوەریی و بریاری ئازادکردنی تۆمەتباران لەژێر گوشاری رژیمی ئێران لەلایەن دادوەرانەوه بریاری سیاسیی بووه نه دادوەریی و قانوونیی. داخوازی نوێنەرانی پارلمان بۆ پێکهێنانی کومیتەیەک بۆ پێداچوونەوه به پەروەندەی تێرۆری د.قاسملوو لێکۆلینەوەی بەشێکی بەرچاو له ناتەواویی لێکۆلینەوەکه و سیاسەتی تەسلیم و چۆک دادانی کارگێرانی سیاسیی ئوتریش لەبەرامبەر رژیمی تێرۆریستیی ئێران رەوتی لێکۆلینەوەی قانوونیی گۆڕیوه.

پەتای حیزب حیزبێنەی خێلەکیی و گرێدراویی تەنزیمەکانی کورد به نیزامەکانی حاکم بەسەرکوردستان له تێشکانی هەموو بزوتنەوەکانی کوردستاندا و به تایبەتیی ئاخرینیان بەرچاوتره.

**بەڵگەنامەکانی یەکێتیی نیشتمانیی و نەوشیروان مصطفی لەبەر دەستن و هیچ پێویست ناکا نووسەر به دردۆنگیی له واقعییەتەکان بدوێ و ئەو دوو کەسایەتییيه به وتەی بەرپرسی دەزگای راگەیاندنی ینک له پێشەکیی راپۆرتەکەی تاله بانییدا بۆ پلێنۆمی چواری ینک ٢٩–١٠/٣١ /٢٠٠٩ ئاماژەی پێکرد واقعییه تێک بوو که گوتی : سکرتێری حدکا ئەوەی له ژێر بەڕەدا بوو خستیه هسەر بەڕە و هەموو نهێنییيه کانی ئاشکرا کرد.**

**مەلا عەبدوللا بۆ پاکانەکردن بۆ خۆی بەردەوام له ناوی چەند بەسیجیی کەڵکی وەردەگرتووه ئەوەش ئەماره یەک بۆ ته ئیید ی توانەوەی ناوبراو له ناو ینک و سپای پاسداران و ئیتتیلاعات بووه . چونکه ئەندامانی تیمەکەی و هاوکارەکانی به ناو "کومیتەی ناوەندیی تەنزیمەکەی، هەرگیز حازر نەبوون ئەوەی ئەو نووسیونی و بڵاوی کردوونه وه ئۆباڵی بۆ بکێشێن.**

## ناوەندی بەڵگەنامه و مافه کانی مرۆڤ له ئێران و تێرۆری د.قاسملوو

ناوەندی بەڵگەنامەی مافەکانی مرۆڤ له ئێران له ژێر ناوی "پەناگەیەکی هێمن وجودی نییه" نووسیبووی : رێبەرانی پله بەرزی کۆماری ئیسلامی ئێران له ساڵی ١٩٧٩ وه پێوەندیی یان به کوشتنی نەقانوویی ١٦٢ کەس له دژبەرانی سیاسیی رژیمەکەیانەوه هەبووه که له نۆزدەولاتی جیاوازی جیهاندا کوژراون. ئەو کوشتارانه دژی قانوونه ناو نەتەوەییيەکان ( ناوخۆیی و دەرەکیی) بووه. ئەو کوشتارانه لەلایەن باڵادەست ترین مقاماتی حکومەتییيەوه بریاریان لەسەر دراوه و پلانی بۆ دارێژراوەو بەڕێوه چوون. زۆری ئەو بەرپرسانه هنوکەش له دەسەڵاتدان.
ئەو ئامارەی که بڵاو کراوەتەوه جیا له د.قاسملوو و د. شەرەفکەندیی و چوارکەسیدیکه ناوی کەس یان کەسانێکی دیکه لەو هەزاران، تێرۆرکراو، گوللەباران کراو، رفێندراو، بێسەرو شوێن، فرۆشراو، دەرمانداو کراو، بریندار، تەسلیم کراو به ئیتتیلاعاتی سپاو تێرۆریستەکان، تێدانییه.
ئێمە هەوڵدەدەین ناوی سەدان کادرو پێشمەرگەی حدکا و حدک و رێبەرایەتیی شۆرشگێر، به پێێ ئەو بەڵگەنامانەی که ئەو تەنزیمانه له رۆژنامەکانی کوردستاندا بڵاویان کردوونه، یان کەسانێکی دڵسۆز و نیشتمان پەروەر لێیان ئاگاداربوون بخەینه بەرچاوی خەڵکی کورد و سازمانه نێونەتەوەیی و دەوڵەتییيەکان. با لەبەردا یەک واقعییەت باس بکرێ ئەویش ئەوەیه: بەرپرسی ریزی یەکەم و تۆمەتباری سەرەکیی هەموو تێرورەکان و کوشتاری ئەندامانی حدکا و زەمینەخولقێنی هەموو جینایەتەکان، فرۆشتنی حدکا، به زانیاریی ینک و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران خولقاندنی زەمینەی ئاشبەتاڵ و هاودەستیی لەگەل جینایەتکارانی رژیم، مەلا عەبدوللای حەسەنزادەبووه. له واقیعدا مەلا عەبدوللا زەمینەخولقێن و رێگەخۆشکەری تۆڵەکردنەوەی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران له ئەندامانی حدکا بووه. بەشێک له لیستی تێرۆرکراوەکان له بەردەستدان. لێستەکانی دیکەش دوای کۆکردنەوه و کۆنترۆلی ناوەکانیان بەگوێرەی رۆژنامەکانی کوردستان بڵاو دەکرینەوه.

**لیستی ٢٦٢ تێرۆر کراو که نزیک به ١٨٨کەسیان ئەندامانی حدکان** و باقییەکەی دیکه تێرۆرکراوانی سازمانه سیاسییيەکانی دیکەن که وێکرا لەلایەن حدکاوه بڵاوکراونەوه. دوای ئاشکرابوونی هاوکاریی مەلا عەبدوللالەگەل رژیم ئاو ناوانەیان له سایتەکانیدا سڕیونەوه. . ئەو لیستەی خوارەوه بەدوو زمانی ئینگلیزیی و فەرەنسیی بڵاو کراوەتەوه. بروانه ناوی ١٨٨ تێرۆرکراو لەلیستی خوارەوەدا به دوو زمانی فەرەنسیی و ئینگلیزیی!

188
VICTIMS OF IRANIAN STATE TERRORISM

Twenty years after the Islamic Republic of Iran was established, the opponents to the government are still at risk of being imprisoned, tortured and executed. Even those who have fled abroad are not safe. During the past twenty years, dozens of Iranian opponents established abroad have been assassinated by agents of the Iranian

government. Today, the whole world is affected by terrorism of the Islamic Republic of Iran. Many of these murders have been committed in European countries. The lack of toughness and the « laisser faire » policy of the European countries, as well as their political and trade dealings with Iran, cannot but increase the atmosphere of insecurity inside these countries. However in view of their geographical position and their political situation, the neighbouring countries, Iraqi Kurdistan in particular, are in a very good position in this respect. The judicial inquiries led in various countries were aimed at establishing the role and responsibility of the representatives and services of the Iranian government in the planning of extrajudicial executions on political grounds. The main investigation was held in Germany. The verdict brought in by the Berlin court on 10 April 1997 (in the trial of the assassins of our Party's secretary-general, Dr. Sadegh Sharafkandi and of three of his collaborators, all shot on 17 September 1992 in the « Mykonos » restaurant in Berlin) confirmed for the very first time the responsibility of the Iranian State's highest authorities in the assassination of their opponents. (see the verdict and the exerpts of the reasons adduced for the judgement of the Berlin court on our site under the heading « Documents ». The recent assassinations of political personalities and of writers in Iran clearly show that the election of the new president of the Islamic Republic, Mohammad Khatami, changed nothing in the regime's policy with regard to its opponents. Below you will find a partial list of 264 persons who were victims of assaults by Iran's State terrorism.

| Name and first name | Function | Date of assault | Place of assault | |
|---|---|---|---|---|
| 1. Bakhtiar Chapour | Premier Ministre | 1980 | Paris | Wounded |
| 2. Tabatabai | Opposent | 1980 | USA | Killed |
| 3. Chafigh Shabriar | Opposent | 1981 | Paris | « « |
| 4. Hamed Ahmad | Colonel | 1982 | Turkey | « « |
| 5. Nissaghi Chahrokh | Colonel | 1982 | Philipine | « « |
| 6. Zolanvar Ahmad | Opposent | 1982 | Pakistan | « « |
| 7. Oveissi Gholam Ali | General | 1984 | Paris | « « |
| 8. Oveissi Hossein | Opposent | 1984 | Paris | « « |
| 9. Tabatabael Ali Akbar | Opposent | 1985 | USA | « « |
| 10. Mirmanout | Opposent | 1985 | Pakistan | « « |
| 11. Chahvardilou Behroz | Colonel | 1985 | Istanbul | « « |
| 12. Azizmoradi Hadi | Colonel | 1986 | Istanbul | « « |
| 13. Mohammadi Ali akbar | Opposent | 1986 | Hambourg(RFA) | « « |
| 14. Fazeli Bigan | Opposent | 1986 | London(UK) | « « |
| 15. Monfared Hamid | Opposent | 1986 | Turkey | « « |
| 16. Chitgar Hamid Reza | Opposent | 1987 | Vienna(Austria) | « « |
| 17. Amir parviz Amir Hossein | Minister | 1987 | London(UK) | Wounded |
| 18. Moradi-Talebi Ahmad | Opposent | 1987 | Geneva | Killed |
| 19. Manssouri Mohamad Hassan | Opposent | 1987 | Turkey | « « |
| 20. Bagheri Behroz | Opposent | 1987 | France | « « |
| 21. Haeri Dgavad | Opposent | 1987 | Turkey | « « |
| 22.Bagherzahde | Modjahedin | 1987 | Afganistan | « « |
| 23. Tavakoli-Nabavi M - Ali | Opposent | 1987 | Wembley-UK | « « |
| 24. Tavakoli-Nabavi Noureddine | Opposent | 1987 | Wembley-UK | « « |
| 25. Bay-Ahmadi Ataollah | Opposent | 1989 | Emirat de Doubai | « « |
| 26. Ghassemlou Abdul Rahman | PDKI | 1989 | Vienna(Austria) | « « |
| 27. Ghaderi-Azar Abdulah | PDKI | 1989 | Vienna(Austria) | « « |
| 28. Fazel Rassoul | Kurde Irakien | 1989 | Vienna(Austria) | « « |
| 29. Kechavarz Gholam | Opposent | 1989 | Cyprus(Austria) | « « |
| 30. Kamanger Sedigh | Opposent | 1989 | Irakian kurdistan | « « |
| 31. Radjavi Kazem | Mojahedin | 1990 | Coppet- Suisse | « « |
| 32. Kachefpour Ali | PDKI | 1990 | Turkey | « « |
| 33. Mme Ghazi Efat | Kurde iranian | 1990 | Suweden | « « |
| 34. Elahi Cyrus | Opposent | 1990 | Paris | « « |
| 35. Bijanfar Abdullah | PDKI | 1990 | Ranieh | « « |
| 36. Broumand Abdul Rahman | Opposent | 1991 | Paris | « « |
| 37. Igarashi Hitoshi | Traducteur Japonais | 1991 | Tokyo | « « |
| 38. Capriolo Alberto | Traducteur italien | 1991 | Milan-Italie | « « |
| 39. Bakhtiar Chapour | Premier Ministre | 1991 | Paris | « « |
| 40. Katibeh Sorouche | Opposent | 1991 | Paris | « « |
| 41. Mam Habib | Komele | 1991 | Ranieh | « « |
| 42 . Mansour Kamran | Opposent | 1991 | Suleimanieh | « « |
| 43 . Kurdekoshi Ahad | PDKI | 1991 | Arbil | « « |
| 44. Fathi Mohammad (Arain) | Komele | 1991 | Zargouyz | « « |

45 . Farhadi Saber (Sarem) Komele 1991 Bavehz « «
46. Djalil Mamaei PDKI 1991 Andarzi–Bouli « «
47. Alipour Hassan (Hasso) PDKI 1991 Andarzi–Bouli « «
48. Ghardi Mola Rassoul PDKI 1991 Andarzi–Bouli « «
49. Yazdanpanah Saïd Opposent 1991 Suleimanieh « «
50 . Saghezi Khaled Khabat 1991 Ranieh « «
51. Babaei Mohammad Opposent 1991 Suleimanieh « «
52. Zouraei Kamal Opposent 1991 Dareh shahidan « «
53. Zouraei Osman Opposent 1991 Dareh shahidan « «
54. Ghaderzadeh Kamal PDKI 1991 Pandjwin « «
55. Moghadam Mansour Opposent 1992 Suleimanieh « «
56. Farokhzad Fereydoun Chanteur 1992 Bonn–RFA « «
57. Moghadam Homayon Opposent 1992 Bonn–RFA « «
58. Khezri Mohammad PDKI 1992 Suleimanieh « «
59. Rahmani Mohammad PDKI 1992 Tchoman « «
60. Tatoreh Ali PDKI 1992 Halabtcheh « «
61. Mahmoudi Hadi PDKI 1992 Halabtcheh « «
62. Saedpanah Salar PDKI 1992 Halabtcheh « «
63. Moradi Fakhredin PDKI 1992 Halabtcheh « «
64. Shikhi Ebrahim PDKI 1992 Route Ravandouz « «
65. Firouzi Shapour PDKI 1992 Ranieh Kanúaran « «
66. Djalali Satar PDKI 1992 Mam Khatibe « «
67. Kheder Almass PDKI 1992 Mam Khatibe « «
68. Maeroufi Mohammad Amin PDKI 1992 Mam Khatibe « «
69. Sharafkandi Sadegh PDKI 1992 Berlin « «
70. Abdouli Fatah PDKI 1992 Berlin « «
71. Ardalan Homayoun PDKI 1992 Berlin « «
72. Dehkordi Nouri Opposent 1992 Berlin « «
73. Moradi Shahrokh PDKI 1992 Darband Khan « «
74. Ebrahimi Anvar PDKI 1992 Darband Khan « «
75. Moradi Salah PDKI 1992 Darband Khan « «
76. Rostami Rashid PDKI 1992 Darband Khan « «
77. Manoutchehri Taher PDKI 1992 Darband Khan « «
78. Nazari Mohammad Randjbaran 1992 Eurbat Suleimanieh « «
79. Soleimanpour Syf Allah Opposent 1992 Suleimanieh « «
80. Soleimanpour Reza Opposent 1992 Suleimanieh « «
81. Soleimanpour Kamran Opposent 1992 Suleimanieh « «
82. Mehrabani Mohammad PDKI 1992 Barikeh « «
83. Kagoli Karim PDKI 1992 Pandjwin « «
84. Kagoli Ahmad PDKI 1992 Pandjwin « «
85. Shafei Kamran PDKI 1992 Ranieh « «
86. Nami Djamal PDKI 1993 Suleimanieh « «
87. Naghdi Mohammad Hossein Opposent 1993 Ranieh « «
88. Abbassi Saedoun Opposent 1993 Ranieh « «
89. Faty Ahmad Opposent 1993 Ranieh « «
90. Doktor Bahram Opposent 1993 Ranieh « «
91. Azadfar Bahram PDKI 1993 Ankara « «
92. Ghaderi Mohammad PDKI 1993 Ankara « «
93. Darvishi Mola Ahmad PDKI 1993 Dyana « «
94. Osmavi Osman Komeleh 1993 Suleimanieh « «
95. Rashidi Sedigh Komeleh 1993 Suleimanieh « «
96. Modjahedi Mahmoud PDKI 1993 Hadji Abad Wounded
97. Moradi Shahrokh PDKI 1993 Darbandikhan Killed
98. Moradi Salah PDKI 1993 Darbandikhan « «
99. Ibrahimi Anvar PDKI 1993 Darbandikhan « «
100. Manoutchehri Tahir PDKI 1993 Darbandikhan « «
101. Rostami Rachid PDKI 1993 Darbandikhan « «
102. Shaikheh pour Mohammad PDKI 1993 Sangsar « «
103. Bokani Mohammad PDKI 1993 Dyana « «
104. Kermandj Taha PDKI 1994 Tchorim–Turquie « «
105. Eoraman Mostafa Opposent 1994 Arbil « «
106. Rahmani Sharif Khabat 1994 Suleimanieh « «
107. Hedayati Aboubakr PDKI 1994 Suéde « «

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 108. Hosseini Saïed Djalal | PDKI | 1994 | Suleimanieh | Killed |
| 109. Karima Rashad | Komeleh | 1994 | Suleimanieh | « « |
| 110. Karimi Shafie | Komeleh | 1994 | Suleimanieh | « « |
| 111. Djahangiri Saleh | PDKI | 1994 | Halabtcheh | « « |
| 112. Saïdi Fatah | PDKI | 1994 | Suleimanieh | Wounded |
| 113. Haydari Dejahang Ali | PDKI | 1994 | Suleimanieh | Killed |
| 114. Izadi Abdullah | PDKI | 1994 | Suleimanieh | « « |
| 115. Saedi Ebralùm | PDKI | 1994 | Suleimanieh | « « |
| 116. Mohamadpour Ahmad | PDKI | 1994 | Suleimanieh | « « |
| 117. Saboktakin Aboubakr | PDKI | 1994 | Dyana | « « |
| 118. Mamah Gulh | PDKI | 1994 | Maweh | « « |
| 119. Bal Afkan Karim | PDKI | 1994 | Ranieh | « « |
| 120. Almaspour Ali Asgher | PDKI | 1994 | Pandjvin | « « |
| 121. Amini Mollah Osman | PDKI | 1994 | Copenhague Danmark | « « |
| 122. Rahmani Ebrahim | PDKI | 1994 | Ranieh Kan–daran | « « |
| 123. . Mohammadzadeh Morad | PDKI | 1994 | Basarmeh | « « |
| 124. Rouïntan Ahmad | PDKI | 1994 | Dyana | Wounded |
| 125. Morad Djola | PDKI | 1994 | Dyana | « « |
| 126. Mouloudi Youssef | PDKI | 1994 | Dyana | « « |
| 127. Ghalandari Ghader | PDKI | 1994 | Dyana | Killed |
| 128. Drakhshan Mohammad | PDKI | 1994 | Dyana | « « |
| 129. Bayzidi Mohammad Amin | PDKI | 1994 | Dyana | « « |
| 130. Hamzaey Ghafour | PDKI | 1994 | Baghdad | « « |
| 131. Taymouri Ali Akbar | Komeleh | 1994 | Suleimanieh | « « |
| 132. Abassi Keshtmand–Payvand | Komeleh | 1994 | Suleimanieh | « « |
| 133. Souzi Abdollah | PDKI | 1994 | Suleimanieh | « « |
| 134. Mohammad Rashid | PDKI | 1994 | Suleimanieh | « « |
| 135. Taheri Sfandyar | PDKI | 1994 | Ourmieh | « « |
| 136. Taheri Sohrab | PDKI | 1994 | Ourmieh | « « |
| 137. Taghizadeh Behrouz | PDKI | 1994 | Ourmieh | « « |
| 138. Kouhi Salman | PDKI | 1994 | Ourmieh | « « |
| 139. Jajouri Saradjedin | PDKI | 1994 | Ourn–tieh | « « |
| 140. Kordeh Omar | Refugee | 1994 | Rariieh Bokan | « « |
| 141. Salim Saghlo Mawloud | Refugee | 1994 | Raiúeh Mahabad | « « |
| 142. Manbari Akbar | PDKI | 1994 | Suleimanieh | Wounded |
| 143. Hossain Oddjagh | Refugee | 1994 | Ichwar Ghoumeh | Killed |
| 144. Djahani Khaled | PDKI | 1994 | Suleimanieh | Wounded |
| 145. Hassan Djet | PDKI | 1994 | Ghaleh Dezeh | Killed |
| 146. Bazargan Hassan | PDKI | 1994 | Raiúeh | « « |
| 147. Mahabad Nouri | Refugee | 1994 | Arbil | « « |
| 148. Mohammad Shaikheh | PDKI | 1994 | Sangar | « « |
| 149. Khaneh Khali Djalal | PDKI | 1994 | Ghaleh Dezeh | « « |
| 150. Ghaderi Mohammad Saïd | Komeleh | 1994 | Koy | « « |
| 151. Saquezi Sedigh | Refugee | 1994 | Suleimanieh | « « |
| 152. Lavyani Mahmoud | PDKI | 1994 | Pandjvin | « « |
| 153. Shokri Morad | PDKI | 1994 | Suleimanieh | « « |
| 154. Djahangiri Wasse | PDKI | 1994 | Halabtcheh | « « |
| 155. Izadi Amir | PDKI | 1994 | Suleimanieh | « « |
| 156. Mohammad Pour | PDKI | 1994 | Bazyan | « « |
| 157. Ryani Abdollah | PDKI | 1994 | Darehbankan | « « |
| 158. Mohammad Zadeh | PDKI | 1995 | Shaghlaveh | « « |
| 159. Khosrawi Haydar | Refugee | 1995 | Suleimanieh | « « |
| 160. Hafidi Abdoul Khalegh | PDKI | 1995 | Suleimanieh | Wounded |
| 161. Nanoi Mohainmad | Refugee | 1995 | Bazian | Killed |
| 162. Abdollah Bag | Refugee | 1995 | Dokan | « « |
| 163. Anjiri Esmail | PDKI | 1995 | Suleimanieh | « « |
| 164. Barzan Sedon | PDKI | 1995 | Ranieh | « « |
| 165. Azarbarzin Mam Hssan | PDKI | 1995 | Ranieh | « « |
| 166. Andjinaei Barzan | PDKI | 1995 | Suleimanieh | Wounded |
| 167. Mohammadi Mozafar | PDKI | 1995 | Suleimanieh | Killed |
| 168. Abdollahi Mohammad | PDKI | 1995 | Bassarmeh | Wounded |
| 169. Tchakerdeh | PDKI | 1995 | Bassarmeh | Killed |
| 170. Shariatpanah Nadjmedin | PDKI | 1995 | Arbil | « « |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 171. Dabiri Dokter Ali | Refugee | 1995 | Ranieh | « « |
| 172. Klani Osman | Komeleh | 1995 | Suleimanieh | « « |
| 173. Farinan Osman | Komeleh | 1995 | Suleimanieh | « « |
| 174. Hadad Efat | Modjahedin | 1995 | Bagdad | « « |
| 175. Esfandyari Freshteh | Modjahedin | 1995 | Bagdad | « « |
| 176. Hosseini Saïd Askar | Refugee | 1995 | Suleimanieh | « « |
| 177. Falahi Ghader | Refugee | 1995 | Dyana | « « |
| 178. Adibi Hossein | Modjahedin | 1995 | Bagdad | « « |
| 179. Ebrahim | Modjahedin | 1995 | Bagdad | « « |
| 180. Yarali | Modjahedin | 1995 | Bagdad | « « |
| 181. Mahmoudi Rahim | PDKI | 1995 | Ranieh | « « |
| 182. Moradi Farough | PDKI | 1995 | Arbil | « « |
| 183. Pirani Nasser | PDKI | 1995 | Arbil | Wounded |
| 184. Rostami Askar | PDKI | 1995 | Village Rostam | Killed |
| 185. Ghaderzadeh Mostafa | PDKI | 1995 | Ranieh | « « |
| 186. Hossein Dammeh | PDKI | 1995 | Ranieh | « « |
| 187. Hossein Saïed Taleb | Refugee | 1995 | Suleimanieh | « « |
| 188. Hosseini Saïed Moslem | Refugee | 1995 | Suleimanieh | « « |
| 189. 1 Fadaï Manssour | Refugee | 1995 | Suleimanieh | « « |
| 190. Hosseini Aftab | Refugee | 1995 | Suleimanieh | « « |
| 191. Hosseini Ktan | Refugee | 1995 | Suleimanieh | « « |
| 192. Hassan Khaleghi | Refugee | 1995 | Dyana | Wounded |
| 193. Karimi Aziz | Refugee | 1995 | Dyana | « « |
| 194. Dehestani Omar | PDKI | 1995 | Hrir | Killed |
| 195. Ruyan Osman | PDKI | 1995 | Arbil | « « |
| 196. Rahimi Abubakr | PDKI | 1995 | Arbil | « « |
| 197. Mehdizadeh Ghafour | PDKI | 1995 | Koy–Sanjagk | « « |
| 198. Amini Ali | PDKI | 1995 | Koy–Sanjagk | « « |
| 199. Abdollahi Sedigh | PDKI | 1995 | Koy–Sanjagk | « « |
| 200. Sourabi Mohainmad | PDKI | 1995 | Arbil | « « |
| 201. Mohammadi Hadji Abdollah | PDKI | 1996 | Sulaimanieh | « « |
| 202. Shabanzadeh Rahman | PDKI | 1996 | Sulaimanieh | « « |
| 203. Rouhani Taher | Komeleh | 1996 | Sulaimanieh | « « |
| 204. Keshvari Faramarz | PDKI | 1996 | Djejnekan | « « |
| 205. Azizi Taher | PDKI | 1996 | Djejnekan | « « |
| 206. Rahimi Osman | PDKI | 1996 | Djejnekan | « « |
| 207. Ebrabmzadeh Hassan | PDKI | 1996 | Djejnekan | « « |
| 208. Alipour Hassan | PDKI | 1996 | Djejnekan | Wounded |
| 209. Hassanzadeh Farigh | PDKI | 1996 | Djejnekan | « « |
| 210. Ebrahimi Djahangir | PDKI | 1996 | Djejnekan | « « |
| 211. Abrandi Parizad | PDKI | 1996 | Djejnekan | « « |
| 212. Ebrahimi Mohamad Amin | PDKI | 1996 | Djejnekan | « « |
| 213. Sgikhani Osman | PDKI | 1996 | Djejnekan | « « |
| 214. Ali Baba | PDKI | 1996 | Djejnekan | « « |
| 215. Shadab Ali | PDKI | 1996 | Djejnekan | Killed |
| 216 Djalali Abdolkarim | PDKI | 1996 | Djejnekan | « « |
| 217. Hakimzadeh Kaveh | PDKI | 1996 | Djejnekan | « « |
| 218. Ghalkhani Mohainmad | PDKI | 1996 | Djejnekan | « « |
| 219. Tchangal Rahim | PDKI | 1996 | Djejnekan | « « |
| 220. Aklon Ghader | PDKI | 1996 | Djejnekan | « « |
| 221. Rezapour Ata | PDKI | 1996 | Djejnekan | « « |
| 222. Sharifi Reza | PDKI | 1996 | Djejnekan | « « |
| 223. Darmahi Tilkoeh Ali | PDKI | 1996 | Djejnekan | « « |
| 224. Salimi Hamed | PDKI | 1996 | Djejnekan | « « |
| 225. Dawlatyar Kamal | PDKI | 1996 | Djejnekan | « « |
| 226. Ghaderzadeh M. Rassoul | PDKI | 1996 | Koy–Sanjagk | « « |
| 227. Tchalaki Kaweh | PDKI | 1996 | Koy–Sanjagk | « « |
| 228. Bapiry Hossein | PDKI | 1996 | Koy–Sanjagk | « « |
| 229. Omar Bill Djafar | PDKI | 1996 | Koy–Sanjagk | « « |
| 230. Pirout–Sour Amandj | PDKI | 1996 | Koy–Sanjagk | « « |
| 231. Mohamadi Ali | Revolutionary Unions | 1996 | Sulaimanieh | « « |
| 232. Haydarabadi Nasser | Revolutionary Unions | 1996 | Sulaimanieh | « « |
| 233. Roueh Ahmad | Revolutionary Unions | 1996 | Sulaimanieh | « « |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 234. Sadegh–Vaziri Syrvan | Revolutionary Unions | 1996 | Sulaimanieh | « « |
| 235. Amin Pour Mostafa | Revolutionary Unions | 1996 | Sulaimanieh | « « |
| 236. Zang–Band Kamal | Revolutionary Unions | 1996 | Sulaimanieh | « « |
| 237. Shakak Abass | Khabat | 1996 | Sulaimanieh | « « |
| 238. Khandani Mohammad | PDKI | 1996 | Ranieh | « « |
| 239. Mazlouman Reza | Opposent | 1996 | Paris–France | « « |
| 240. Pirotzadeh Abdullah | PDKI | 1997 | Kurdistan–Irak | « « |
| 241. Badri Abasse | PDKI | 1997 | Sulaimanieh | « « |
| 242. Feizi Ataollah | PDKI | 1997 | Sulaimanieh | « « |
| 243. Babaï Farhad | PDKI | 1997 | Sulaimanieh | « « |
| 244. Alizadeh Ghaleb | PDKI | 1997 | Sulaimanieh | « « |
| 245. Molaï Amdjad | PDKI | 1997 | Sulaimanieh | « « |
| 246. Moradi Saïd | PDKI | 1997 | Sulaimanieh | « « |
| 247. Namaki Smail | PDKI | 1997 | Dokan | « « |
| 248. Zokaleh Ali | PDKI | 1997 | Dokan | « « |
| 249. Zita Hossein | PDKI | 1997 | Sulaimanieh | « « |
| 250. Nikdjouyan Say–yed Djamal | PDKI | 1997 | Koy–Sanjagk | « « |
| 251. Fatttahi Mansour | PDKI | 1997 | Koy–Sanjagk | « « |
| 252. Nasseri Sey–yed Mansour | PDKI | 1997 | Koy–Sanjagk | « « |
| 253. Esmaeelzadeh Aboubakr | PDKI | 1997 | Koy–Sanjagk | « « |
| 254. Hosseini Rafat | PDKI | 1997 | Koy–Sanjagk | « « |
| 255. Shirin Sokhan Yadulla | PDKI | 1997 | Koy–Sanjagk | « « |
| 256. Pirouz Davani | Writer | 1988 | Teheran | « « |
| 257. Darius Forouhar | Ministre | 1988 | Teheran | « « |
| 258. Parvaneh Forouhar | Parti Melat Iran | 1988 | Teheran | « « |
| 259. Majid Sharif | Sociologist–Writer | 1988 | Teheran | « « |
| 260. Mohammad Mokhtari | Poet–Writer | 1988 | Teheran | « « |
| 261. Mohammad Pouyandé | Writer | 1988 | Teheran | « « |
| 262. Jamshid Partavi | Military Doctor | 1988 | Teheran | » » |

ئەوناوانەی کە  بە رەنگی زەرد نیشاندراون ئەندامانی تێرۆرکراوی حدکان کە ژمارەیان ١٨٨ کەسە و  هەموو  دوای تێرۆری د.شەرەفکەندیی تێرۆر کراون. بۆ ئەوە نیشان بدری کە پێش تێرۆری د.شەرەفکەندیی ئەو ئەندامانەی حدکا تێرۆرکراون ڕێکەوتی تێرۆرەکانیان پێش تێرۆری د.شەرەفکەندیی نووسراوە. بەلام شوێنی تێرۆرەکەیان ناوشارەکانی باشوری زیر دەسەلاتی ینک بووە.

بۆ ئەوەش  نیشان بدرێ کە تێرۆرەکانی سالانی پەنابەرکردنی حدکا جیا لەسالانی پێشوو نەبووە ، تێرۆری هەموو سازمانەکانیان لەگەل تێرۆری ئەندامانی حدکا تێکەل کردووە..

مەلا عەبدوللاش لە ١٨ ژوئیەی ١٩٩٣ [2]  لە سات و سەودایەکدا حدکای بەدزی ئەندامانی ناوەندیی  و سکرتێری حدکا ( مصطفی هجری)  بە تالەبانیی و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران  فرۆشت و بۆ ئەو کوشتارگەیەی کە خۆی بۆی ڕێکخستن رایدان. شەرت و مەرجەکەش لەو لینکانەی ژێرەوە دا [3] و [4] بخوێنەوە!

**لیستی دووهەم**

لە کتێبی شبکەهای ترور جمهوری اسلامی ایران  نووسینی دکتر نصرالله نجات بخش ، انتشارات انقلاب اسلامی آلمان Postfach 11118

_2 کریس کۆچرا ، جنبش کردو خواست استقلال لاپەرەی ٢٨٥ وەرگێر عزیز ماملی. بە فارسیی آوریل ٢٠٠٠

[3] - http://birinwe.com/news.php?readmore=64

[4] - http://www.helwist.com/Nuseran/Mamosta%20Goran/2009/28%207%20%2009%20%20Ash,betal%203.htm

D– 60046 Ffrankfurt Germany لیستێکی ١٥٠ کەسی تێدا چاپ کراوە کە دەبێ لەلایەن هاورێیانی تێرۆرکراوانەوە کۆنترۆل بکرێنەوە.

کرتە بۆ ئێرە و ئێرە بکەو Ctrlدابگرە! ئەو لیستە ٢٩ لاپەڕەیە و لەبەر زۆربوونیان سکەن نەکران! دەکری دوای بەرامبەر کردنیان لەگەل لیستەکانی دیکە سەرجەم بڵاو بکرێنەوە.

لیستی سێهەم گرنگترین سەرچاوە، رۆژنامەکانی کوردستان ، بڵاوکی رەسمیی حدکایە . ئەو سەرچاوەیە لەبەردەستە و دوای نووسین و تەواوکردنی لێکۆلینەوەکە وێنەی سکەنکراوی ناوەکان و ژمارەی لاپەرەکان بڵاو دەکرێنەوە.

تەزویرێکی مەلا عەبدوللا لە راگەیاندنی ناوی تێرۆرکراوان‌دا بە پێێ ئامارێک لە کتێبی پرسیارو وەلامی مەلا عەبدوللا لە خۆی بەو جۆرەی تەزویری کردووە، لەم بەشەدا بخوێنەوە! کرتە بکە سەر ئێرە و Ctrl دابگرە! مەلا عەبدوللا

> لەبارەی ئامارەوە، ئەمن ئێستێ لەبیرم نیە بەلام ئاماری دەقیق لەبەر دەستدا هەیە. ڕەنگە لەلای خۆشم هەبێ. بەڵام بە تەخمین دەتوانم عەرزت بکەم کە مەجمووعی ئەو تیرۆڕانەی ڕێژیم لە ئێمەی کوردوون کە ٩٥%ی وەبەر کوردستانی عێراق دەکەوێ، لە ٣٠٠ کەس تێ‌دەپەڕێ لەبەینی کوژراوو بریندار‌دا. لەوانە دەوری ١١٠ هەتا ١١٥ کەسیان هەر شەهید بوون. ئەوانی دیکە بریندار بوون.

مەلا عەبدوللا حەسەن‌زادە لە کاتی ئەژماردنی ئەندامانی تێرۆر کراوی حدکا و فرۆشتنیان بە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و زانیاریی ینک لە باشوری کوردستان دۆوو دۆشاوی تێکەڵ دەکا و پەنا ی بۆ تەزویرە کە بردووە . ژمارەی ٩٧ تێرۆرکراوی تەنزیمی رێبەرایەتیی شۆرشگێر لەو لیستەدا نەنووسراوە.

مصطفی هجری لە وتوێژێک‌دا لەگەل سایتێکی ئینترنێتییگووتوویە ٣٠٠ کەس لە باشوری کوردستان تێرۆر کراون. بەرپرسی ئەمنییەتیی حدکاش ٣٠٤ کوژراوی راگەیاندووە. ژمارەی تێرۆرکراوەکانی رێبەرایەتیی شۆرشگێری جەلیل گادانی بێجگە لە بریندارو دەرمانداو کراو ٩٨ کەس راگەیەندراوە.

پێشمەرگەی فرۆشراوێ حدکای ژێر دەستی مەلا عەبدوللا بە کۆماری ئیسلامیی ٧ کەس بوون کە بە ئاگاداریی مەلا عەبدوللا شەش کەسیان ئێعدام کراون. لە روداوێکی دیکەی تێرۆریستیی سازماندراو لەلایەن دەزگاکەی مەلا عەبدوللاو تێرۆریستەکانەوە دروست لەوشوێنەی کە منصور فتاحیی تێرۆرکراو و سێ هاورێی برینداركران و سەید منصور ناصری ئەندامی رێبەرایەتیی حدکا و ٣ هاورێکەی لە دەروازەی کۆیە بە فەرمانی ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی گوللەباران کران،سالێک دواترگوللەبارانکراوان لە دادگەیەکی ینک دا بەتاوانی هێرش کردنە سەر جاسوسەکانی کۆماری ئیسلامیی لە باشوری کوردستان و شێواندنی ئەمنییەتی باشور و دژایەتیی کردنی کورد مەحکوم کران. تەنیا مەلا عەبدوللا دەتوانی ئەو تراژیدیی‌یە باس بکا کە چی بەسەر ئەو گەلە هەژارەی رۆژهەلاتی کوردستان هێناوە، بۆ ئەوە بۆینباخ ( بۆین باخلەمە، بە ترکیی 'کراوات) " لە ملی ببەستێ و جەماعەتێکی بێدەستەوستان لە قژلێکی ژێردەسەلاتی صحرارودی و زانیاریی‌دا ینک‌دا پێێداهەڵبڵێن و لە دەرەوەی ولات کۆڕی خواردنەوەی بە بۆنەی رۆژی لە لەدایکبوونی لە ئوروپا بۆ بگرن، سەری شووشەی بۆ بادەن و بۆی بادەن. ئەو پووڵ و پەرەیە، کە مەلا عەبدوللا فەرشی ئاوریشمینی بۆ فلانە مێژوو نوس پێ کڕیوە و دەکڕی و کۆڕی خواردنەوەی پێ‌دەگیرێ پەرەی خوێنی فرۆشراوی رێبەرانی کوردو هەزاران پێشمەرگەیە کە مەلا عەبدوللا و هاوکارەکانی پێی رادەبوێرن و کەس و کاری پێشمەرگە لە زیندانەکان‌دا دەرزێن و مەلا عەبدوللا لە کۆماری ئیسلامییداوادەکا ئێعدامیان بکەن.[5]

لە ١٩ ئوتی ١٩٩٧ هەر لەشوێنی تێرۆرەکەی منصور فتاحی ١٤ کەس بە ئاگاداریی و هاوکاریی راستەو خۆی مەلا عەبدوللا لە نزیک شارۆچکەی کۆیە تێرۆرکران و ئاکامەمەکەش پێنج کوژراو ٩ بریندار بووە. دواتر لەگەل تێرۆرکراوانی راگەیەندراو لە رۆژنامەی کوردستان‌دا ناوەکانیان بڵاو دەکرێنەوە.

5 _ https://werash.wordpress.com/2010/02/03/6/

لــە لیســتە تەزویرکراوەکــەی مــەلا عەبــدوللادا گوایــە زیــاتر لــە ٣٠٠" کــەس کــوژراوو برینــدار هــەبــوون" کــە نووســیویە ١١٠ تــا ١١٥ لەوانــە کوژرا بوون و ئەوانی دیکە گوایە بریندار بوون.

بـــەلام مصـــــطفی هجـــــری بــــاس لـــــە ٣٠٠ کـــــوژراو و هــــاورێ ئەمنییەتییەکــەی بــاس لــە ٣٠٤ کــوژرا دەکــا. مــەعلوم نیــە ئــەو ١٨٩کەســـەی دیکـــە چـــۆن کـــوژراون، چونکـــە بەزەحمـــەت ئامـــاری راگەیەنــدراوی مــەلا عەبــدوللا ١١٠ تــا ١١٥یــە. ئێســتا ئــەو دوو بەشــە لــە ئامـــارێکی ٣٠٠ کەســـیدا ١٩٤ کەســـیان بزرکراوەهەیـــە. بـــا ئـــەودوو کەســـە بــە بنەمالــەی ئــەو بزرکراوانــە بلــێن ، ئامــاری کامیــان راســتە و چەنــدی دیکــەش هەیــە کــە نەنووســراون ؟ دواتــر ئامــاری گشــتیی تێرۆرکــراوو بــێ سەروشوێنەکان بلاو دەکرێتەوە.

پێویســتە کومیتەیــەکی راســتییخواز بــۆ لێکۆلینــەوە لــە تێرۆرکراوانــی رۆژهەلاتی کوردستان لە باشور پێک بێ.

بێگومــان لــە دوارۆژێکــی نــەدوردا داوادەکــرێ دادپرســـان و دادگاکـــانی باشــوری کوردســتانی ســەربەخۆ لــەو جینایەتانــەی کــە دژ بــە رێبــەرانی حـــدکاو ئەنـــدامانی کـــراوە بکۆلێتـــەوە. دەزگـــای دادوەریـــی باشـــوری کوردســتان بەرپرســی لێکۆلینــەوەی ئــەو جینایەتانەیــە کــە لــە باشــوری کوردستان دژ بە ئەندامانی حدکا کراون.



## ئەمنیەتی تێکۆشەرانی دیموکرات لە باشووری کوردستان

**هەیاس کاردۆ:** لەساڵی ١٣٧٣ی هەتاوی بەملاوە وەزعی ئەمنییەتیی کوردە رۆژهەڵاتی‌یەکانی دانیشتووی باشوور بەرەو خراپی رۆیشتو هێرشی چەکداری بۆ سەریان زۆری پەرە گرت. بەتایبەت زۆر پێشمەرگەو ئەندامی حیزب کەوتنە بەر پەلامارو شەهید کران. مامۆستا دەکرێ بە شێوەیەکی شەفاف لەو رووداوانە بدوێی و ئەگەر بۆت بکرێ تاوانباران بناسێنی؟ هیچ ئامارێک لە رادەی تیرۆر کراوان لەبەر دەستدا هەیە؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەمن نازانم بە شێوەی شەفاف یانی چی؟ بە شێوەی شەفاف زۆر جارمان باس کردوە کە ئەوە شتێکی خراپە. یانی کەمبوودێکی گەورەیە بۆ دەسەڵاتی کوردی کە رێگا بدا بەکرێگیراوانی دەوڵەتێکی دیکە لەنێو وڵاتەکەی وی‌دا ئاوا تەراتێن بکەن‌و موخالیفانی خۆیان تیرۆر بکەن. لەسەر ئەوەی کە عامیلەکەی کێیە ئەمن پێشتر باسم کردوە. بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بکەری کارەکە کێ‌یە، کوردە یان غەیری کوردە، کوردی ئەم دیوە یان کوردی ئەو دیوە، ئەوەی قازانجی لە ئەنجامی ئەو کارەدایە تەنیا جمهوریی ئیسلامی‌یە. ئەوەندەی مەربووت دەبێ بە دەسەڵاتی کوردی، گلەیی‌یەکەی زیاتر لەو بارەیەوە لەسەرە کە نەی‌توانیوە سنوورەکانی خۆی کۆنترۆڵ بکاو ئەمنییەتی تێکۆشەرانی کوردی بەشەکانی دیکە بپارێزێ.

لەبارەی ئامارەوە، ئەمن ئێستێ لەبیرم نیە بەڵام ئاماری دەقیق لەبەر دەستدا هەیە. رەنگە لەلای خۆشم هەبێ. بەڵام بە تەخمین دەتوانم عەرزت بکەم کە مەجموعی ئەو تیرۆرانەی رێژیم لە ئێمەی کوردوون کە ٩٥%ی وەبەر کوردستانی عێراق دەکەوێ، لە ٣٠٠ کەس تێ‌دەپەرێ لەبەینی کوژراوو برینداردا. لەوانە دەوری ١١٠ هەتا ١١٥ کەسیان هەر شەهید بوون. ئەوانی دیکە بریندار بوون.

دەســـەلاتدارانی باشـــوری کوردســـتان لـــە تێـــرۆری ئەنـــدامانی حـــدکا و هاوکـــاریی مـــەلا عەبـــدوللا لەگـــەل تێرۆریســـتەکان ئاگادارن و دەزانن کە ئەو تێرۆرە سازماندراوانە کێ کردوونی.

ســـکرتێری رێبەرایـــەتیی شۆرشـــگێری حـــدکای هەلۆەشـــاوە، ژمـــارەی تێرۆرکراوەکـــانی تەنزیمـــە کـــەی لـــە باشـــوری کوردســتان و چەنــد رێکخــراوی دیکــەی ١٠٩ کــەس راگەیانــدوە. مــەعلوم نیــە تێکــەلکردنی ئەنــدامانی تەنزیمەکــەی لــەگــەل تێرۆرکراوانـی کۆمەلــە... لــەبــەرچ هۆیــەک بــووە؟ ئــەویش ئاشــکرای نــەکردووە کــە ئــەو تێرۆرانــە لەلایــەن کــێ و کامــە تەنزیمــەوە کــراون. بــەرپۆەبــەرانی ئــەو تەنزیمانــە رایانگەیانــدووە کــە تێرۆریســتەکانی کۆمــاری ئیســلامیی بەرپرســی ئــەو جینایەتانــە بــوون. ئــەوە لــەحالێکدابووە کــە لــە باشــوری کوردســتان جیــا لــە چەنــدکارگێری ئیتتیلاعــاتیی رژیــم تورکێــک یــان فارســێک نــەبووە کــە لــەو تێرۆرانــەدا بەشــدار بــووبێ. ســەرانی رێبەرایــەتیی شۆرشــگێرو حــدکا " نــەیانوێراوە واقعییــەتی تێگلاویــی مــەلا عەبــدوللاو فرۆشــتنی هــەموو کــادرو پێشــمەرگە بــە تێرۆریســتەکان بــاس بکــەن. مــەلا عەبــدوللاو تیمەکــەی بۆکارئاســـانیی کـــردن بـــۆ تێـــرۆری ئەنـــدامان واقعییـــەتی هاوکـــاریی خۆیانیـــان لـــە گـــەڵ تێرۆریســـتەکان لـــە ئەنـــدامانی حـــدکا شـــاردبۆوە. جیالـــەوە فریـــودانی کـــادرو پێشـــمەرگە بـــۆ ئـــەوە بـــە جـــل و بـــەرگی تایبـــەتیی پێشـــمەرگەوە هـــاتوچۆ نەکـــەن رانەگەیانـــدبوو. ئـــەو کـــوردە فریودراوانـــە چـــەک لـــە شـــان بـــەناو گونـــدو شـــارەکانی باشـــوردا خولاونـــەوە بـــۆ تێرۆریســـتان کوشـــتنیان لـــە ئاوخوارنـــەوە ئاســـانتر بـــووە. لـــە شـــاقمەکان و رێگـــەوباندا رایـــان گرتـــوون. تەســـلیم بـــە بانـــدەکانی زانیـــاریی ینـــک و ئیتتیلاعـــاتی ســـپای پاســـداران کـــراون و لـــەژێر ئەشـــکەنجەدا بـــۆ هاوکـــاریی و خەیانـــەت ناچاریـــان کـــردوون یـــان کوشـــتوویانن. ئاشـــکرابوونی دەوری جاسوســـیی موستەشـــارەکەی مـــەلا عەبـــدوللا ( خـــدر ئیبراهیمیـــی ناســـراو بـــە ئـــازاد کـــوری عـــەلی بالـــە) لـــە روداوی تێـــرۆری منصـــور فتـــاحی لـــە نزیـــک شـــارۆچکەی دوکـــان و گوللـــەباران کردنـــی چـــوار ئەنـــدامی بەرپرســـی حـــدکا لـــە دەروازەی کۆیـــە بـــە و ناوانـــە:١– ســـەید منصـــور ناصـــری٢– ســـامال ئیســـماعیلیی ٣– رەفعـــەت حوســـەینیی ٤– یداللـــە شـــیرین ســـخن، لـــە لایـــەن ئەنـــدامێکی ســـەرکردایەتیی ینـــک بـــە هاوکـــاریی مـــەلا عەبـــدوللا رومـــای شـــاراوەی مـــەلا عەبـــدوللاو ئـــامۆزا کـــەی ئاشـــکرا کـــرد. ئـــەنجن ئـــەنجنکردنی ئـــازادی کـــوری عـــەلی بالـــە لـــە نزیـــک

گوندی گاگەش لە محاڵی مەنگوڕ، لە لایەن سێ تێرۆریستی سەر بە مەلا عەبدوڵلا بۆ ئەوە شاهیدی جینایەتەکان لە ناو بچی خۆی بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە. " بروانە سەرچاوە کەی لە : کتێبی پەنجاساڵ خەبات . نووسینی جەلیل گادانی، بەرگی دووهەم.




ئاماری واقعیی تێرۆرکراوانی حدکا لە باشووری کوردستان لەلایەن مەلا عەبدوڵلاوە شاردراونەوە.

ئەوەش ناوی ١٨٨ تێرۆرکراوی حدکا بێجگە لە بریندار و بێسەرو شوێن و ....

٩٧تێرۆرکراوی دیکەی ڕێبەرایەتیی هەڵوەشاوە لەو ژمارەیە دەبێ زیاد بکرێ.

ئەو ئامارەی کە بە زمانەکانی ئینگلیزیی و فەرەنسیی بڵاوکراونەوە بۆ بۆچاو بەستنی ئەندامانی حدکا و حدک نووسراون و پێشتر لە ئینترنێتدا بڵاویان کردبوونەوە و دواتر وەلایان بردوون و هیچ کۆروکۆمەڵێکی جیهانیی لێیان ئاگادار نین.

http://www.pdk-iran.org/french/doc/terorismus.htm.

لیستی سەدان تێرۆرکراوی دیکەی حدکا دواتر بڵاو دەکرێتەوە.

لەو پێوەندییەدا ئەو بابەتانەش لەو لینکانەدا بخوێنەوە!

http://www.helwist.com/Nuseran/Mamosta%20Goran/2009/28%207%20%2009%20%20Ash,betal%203.htm

http://birinwe.com/news.php?readmore=64

بۆ خوێندنەوەی بەشەکانی پێشتر بروانە ئەو سایتانەی کە لەخوارەوە ناویان نووسراوە

لەگەڵ سوپاس و پێزانین بۆ بەرێوەبەرانی :

١- سایتی پێشمەرگەکان ٢- ڕۆژی کورد ئینفۆ rojikurd.info ٣- هەڵوێست ٤- بۆکان ڕۆژهەلات

٢٤ مارس ٢٠١٦